# مێژوونوسانی سریانی و نوسینەوەی مێژوو

م.ی زەردەشت دلشاد خضر[1] د. مهدی صالح فرحان [2] پ.ی.د حیدەر لشکری خضر[3]

1بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

2بەشی مێژوو، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی زاخۆ، زاخۆ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

3بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، انکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە بەشێك لە مێژوونوسانی سریانی و قۆناغەکانی ژیانیان و ئەو رەوشەی پێدا تێپەریوون دەکات، تیشك دەخاتە سەر پێگەی زانایانی ئاینی سریانی کە کۆڵەگەی سەرەکی و سەرمەشقی نووسینەوەی مێژوون لە کۆمەڵگای سریانی، بە تایبەتی لەهەرێمی جەزیرە وەك مەڵبەندێکی گرنگ لە هزری مێژوونوسانی سریانی، مێژوو لە تۆماری سریانییەکان بەگوێرەی هزرو تێروانینی گەورە پیاوانی ئاینی مەسیحی نوسراوە تەوە، بۆیە کتێبەکانیان زیاتر شەقڵێکی ئاینی دەنوێنن.

بەشی زۆری پەرتووکەکانیان دووبەش لە خۆدەگرن، ئەوانیش مێژووی دونیایی و مێژووی کڵێسا یان ئاینی، هەڵبەت لە پاڵ ڕوداوە مێژووییەکان تەواوی ڕوداوە جیاوازەکانی نێو دێرو کڵێساکان لە تۆماری مێژوونوسانی سریانی بەرچاودەکەوێت، بە تایبەتی ئەوناکۆکی و ململانێیەی لە نێو شوێنە ئاینییەکاندا هەبوو، هەروەها لە تۆماری سریانییەکان مێژوو بە تەواوی تێکەڵ بە کایە ئاینیەکە کراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دیدی مێژوونوسانی سریانی ئاینیانەیە وەك لەوەی مێژوونوسانە خۆیان بۆ ڕوداوەکان تەرخان بکەن، هەروەها نووسینی مێژوو پتر بۆ بەرگریکردن لە کۆمەڵگای سریانییە، لە بەرامبەر ئەو ئازارو ناخۆشیانەی لە ناوچە جیاوازەکان ڕووبەڕوی پێکهاتەکەیان دەبووەوە.

پەیڤێن سەرەکی: مێژوو، مێژوونوس، سریانی، ئاینی، کڵێسا، پیاوی ئاینی، نووسینەوەی مێژوو.

پێشەکی

مێژوونوسین کایەکی گرنگ لە کولتووری مرۆڤایەتی سەیردەکرێت، هەروەها هاوتەریبە لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ نوسیندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکارو کردەوەی کۆمەڵگاوە هەیە. بۆیە نووسینەوەی لای گەلان بایەخی پێدراوە، لە ڕێگەیەوە هەوڵی تۆمارکردنی سەرگوزەشتەی ڕابردویان داوە.

سریانییەکان وەك یەکێك لە نەتەوە دیارەکانی هەرێمی جەزیرە و چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی، مێژوویان نوسیوەتەوە، پاڵپشت بەو پاشخانە کەلتوورییەی لە رۆشنبیری پێشین هەیان بوو بەتایبەت یۆنان و ڕۆمانی، ئەوە نەبێ تۆماری مێژوو لای مێژوونوسانی سریانی پتر ڕەنگ و بۆی ئاینی دەدا، هەڵبەت ئەمەش بەهۆی ئەوەی زانایانی ئاینی بەشی زۆری دیرۆك نوسانی سریانیان پێکدەهێنا.

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ چۆنیەتی نووسینەوەی مێژوو لای مێژوونوسانی سریانی، هەوڵدراوە ژیاننامەی بەشێك لە مێژوونوسان و شێوازی تۆماری مێژوو و گرنگی نوسینەوەی مێژوو لەگۆشەنیگای سریانییەکان بخەینەڕوو، لە نوسینەوەی مێژوو کەڵکیان لە تەواوی سەرچاوەو نوسراوی ناو دێر و کڵێساکان و تەنانەت سەرچاوە یۆنانیەکان وەرگرتووە، دەقە مێژووییەکان دەبینێتەوە، زیاتر خوێندنەوەی دیوی شاراوەی پشت دەقە مێژووییەکانە چونکە ئەوان ئاشنابوون بە کەلتوری یۆنانی، بەرچاوخستنی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکهاتەی سریانەکان ئامانجی لە پێشینەیان بووە لە نوسینی مێژوو، تەواوی ئەو ڕووداوانەش تێکەڵ بە بارودۆخە ئاینیەکە کرابوو، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی و دەستگر تنی بەسەر بەشی زۆری ئەو ناوچانەی سریانەکان دانیشتوانی سەرەکی بوون.

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 يناير 2024
حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو بابەتە خوێندنەوە و بینینی مێژووە، لە هزری کۆمەڵێك کە مەبەست لێی سریانەکانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی، جیاواز لەو مێژووەی کە مێژوونوسانی ئیسلامی بەرچاویان خستووە، هەروەها ئاشنابوونە بە بارودخی ئاینی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەسیحییەکان لە تۆماری خۆیان، کۆ مەڵێك ڕووداویان خستۆتەڕوو لای مێژوونوسی ئیسلامی بایەخیان پێنەداوە.

ئەم توێژینەوەیە، بە پێی ڕێبازی مێژوویی لە دوو تەوەرە و ئەنجامێك پێکدێت، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە(ژیاننامەی بەشێك لە مێژوونوسان)، تێیدا باس لە شوێن و قۆناغەکانی ژیانی مێژوونوسەکە و پلەو پایەی ئاینی نووسەرەکە کردووە، چونکە زانایانی ئاینی بەشی زۆری مێژوونوسانی سریانی پێکدەهێنا، وەك لە پێشوتردا ئاماژەمان پێکرد، هەرکام لەم مێژوونوسانە لە قۆناغێکی جیاوازی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی ژیاون، بە شێوەیەك سەدەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم لە خۆدەگرێت، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی (تایبەتمەندیەکانی نووسینەوەی مێژوو لای مێژوونوسانی سریانی)، لەم تەوەرەدا دەستپێکی نوسینەوەی مێژوو لای سریانییەکان و هۆکار و پاڵنەرەکانی تۆماری مێژووی لای مێژوونوسان خراوەتە ڕوو، هەروەها تیشك خراوەتە سەر کاریگەرییەکانی ڕۆشنبیریی یۆنانی بەسەر هزری دیرۆك نووسانی سریانی، بوونی قوتابخانەکان بە تایبەتی لە هەرێمی جەزیرە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی نووسینەوەی مێژوو، لە پاڵ کاریگەری ڕەوشی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر سریانەکان بە هۆی باڵادەستی وقەڵەمڕەوی خیلافەی ئیسلامی و دەسەڵاتە جیاوازەکانی لە هەرێمەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەو مێژووەی سریانییەکان تۆماریان کردووە، بە تەواوی وێنایەکی ئاینی دەنوێنن لەم تەوەرەدا خراوەتەڕوو.

میتۆدی مێژوویی، یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی نووسینی توێژینەوە، سروشتی میتۆدی ئەو توێژینەوەیە وای خواستووە، میتۆدی شیکاری لەخۆ بگرێت، کە خۆی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە مێژووییەکان دەبینێتەوە، زیاتر خوێندنەوەی دیوی شاراوەی پشت دەقە مێژووییەکانە.

تەوەری یەکەم: ژیاننامەی مێژوونوسانی سریانی

خوێندنگەی شاری ڕوها بە یەکێك لە کاریگەرترین ئەو قوتابخانانە دادەنرێت ڕۆڵی گەورەی بینی لە برەودان بە زمانی سریانی (الجمل، 2005: 5)، دامەزراندنی ئەو مەڵبەندانە لە ڕوها و نوسیینی بۆ پاراستنی کولتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگای سریانی و خودی کلێساو کاروبارەکانی بوو(بیغولیفسکایا، 2017: 45).

یەکێك لەو بوارانەی سریانییەکان گرنگیان پێداوە نوسینەوەی مێژووبووە، بە پەرۆشیان بۆ نوسینەوەی ڕوداوە مێژووییەکان ناسراون(خلف،2016: 15 ) بۆیە دەرکەوتنی تۆماری مێژووی سریانی زۆری نەخایاند، چونکە خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەندبوون، نوسینەوەی مێژوویان لە یۆنانیەکانەوە بە میراتی بۆ مابۆوە(فییە، 1979: 39)، هەروەها نوسینی مێژوو لای مێژوونوسانی سریانی بە ئامانجی خزمەتکردن و پیاهەڵدان نەبوو بە پیاوانی دەسەڵاتدار یاخود مێژوو بۆ چینی پاشا و فەرمانڕەواکان بنوسن، وەك ئەوەی لای هەندێك لە مێژوونوسان باوبوو، چونکە ئەوان خاوەن پاشا و میر نەبوون، بەڵکو زیاتر نیشاندانی ئەوستەم و زۆرداریانەبوو لە لایەن کاربەدەستان لە سریانییەکان دەکرا،(فییە،1989: 41-42)، ئەوان بە تۆماری مێژووی ڕۆڵیان هەبوو لە دیاریکردن و پاراستنی شوناسی خۆیان لە ناوچەکە (خلف، 2015: 1)، هەندێکجاریش بە ئامانجی پتەوکردنی کۆڵەگەی بیروباوەری ئاینی ڕوداوەکانیان تۆمارکردووە (مارمیخائیل السریاني، 1996: 3/ 313).

1- دیۆنیسیۆس تەلمەحری:

ئەم مێژوونوسە خۆی ناوی دیونیسیۆسە، (برصوم،1976: 338)، لە چارەگی کۆتایی سەدەی (8ز/2ك) لەشارۆچکەی تلمحر1 لەخێزانێکی دەوڵەمەند لەدایك بووە، بەناوی شوێنەکەی دەناسرێت ( ابونا، 1996: 354؛ روبنسون، 2014: 436)، ماوەی پێگەیشتن و خوێندنی لە دێری قەنسرین2 بووە، کاتێك ئەم دێرە سوتا، تەلمەحری چووە بۆ دێری ماریەعقوب لە نزیك کیسوم3 (رایت،2011: 141)، بۆماوەی سێ ساڵ لەم دێرە مایەوە (ابونا،1996: 354). دوای مردنی قریاقس4 لەساڵی (203ك/818ز) بە پەتریاك هەڵبژێردرا (دوفال،1992 :415).

لەم قۆناغە بەدواوە گۆڕانکاریی بەسەر ژیانی داهاتووە ڕووبەڕوی تەنگ و چەڵەمەی زۆر بووەتەوە، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی ناوخۆی لە نێوان خودی پیاوانی ئاینی و هاوکاریکردنی سریانییەکانی ناوچەکە سەردانی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی کردووە، لەوانەش عەبدوڵای کوڕی تاهیر (230ك/845ز) یەکێك بوو لە فەرماندە سەربازیەکانی خەلافەتی عەباسی، کاتێك گەیشتە شاری ڕەقە5 (دیونیسیوس التلمحري، 2014: 41)، بە هەمان هۆکار سەردانی خەلیفە مەئمون (197- 218ك / 813- 833ز) و خەلیفە موعتەسیم (227ك/842ز)ی کردووە (دیونیسیوس التلمحري،2014: 99،69)، ناوبراو زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، ئەوەش هاوکاریکردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەورە دەسەڵاتداران (دیونیسیوس التلمحري،2014: 42 ) دوای (27) ساڵ لە خزمەتکردنی پلەی پەتریارکی دواجار لە ساڵی (845ز/ 231ك) کۆچی دوایی کرد، بەگوێرەی سەرچاوە سریانییەکان لە دێری قەنسرین نێژراوە (مارمیخائیل السریاني،1996: 3/ 82؛ الرهاوي المجهول، 1986: 2/ 309 ؛ برصوم،1976: 339).

کتێبە مێژووییەکەی تەلمەحری، وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی لە لایەن بەشێکی زۆر لە مێژوونوسانی سریانی بەکارهێنراوە (Band,1954: 199-200)، مێژووەکەی لە فەرمانڕەوای مۆریس6 (582ز) دەستپێدەکات تا ساڵی (842ز) کە ساڵی مردنی تاوفلیس7 ئیمپراتۆری بیزەنتیە، مارمیخایلی سریانی یەکێکە لەو مێژوو نوسانەی کە سودێکی زۆری لە مێژووەکەی وەرگرتوە و بەشێکی مێژووەکەی بەناوی ئەو کردوە، باسی شێوەی نوسراوەکە دەکات و دەڵێت: " لێرەدا دیونیسیۆسی بلیمەت کە بە تەلمەحری ناسراوە کۆتایی بە مێژووەکەی دەهێنێت، کە لەدوو بەرگ نوسیویەتی، (16) وتار لە خۆ دەگرێت، هەر بەرگێك (8) وتارە و دابەشی کردوە بەسەر کۆمەڵێك بەش، کە لە سەر داخوازی و بەهاوکاری یوانیس مەترانی دارا8 نوسیویەتی ..." (مارمیخائیل السریاني،1996:3/ 78).9 بەشێك لەم کتێبە بریتیە لە ئەزمونی کەسێتی خۆی ، واتە بەرهەمی ئەو گەشتانەیە ناوبراو بۆ ڕێکخستن و چاکردنی بارودۆخی کلێسا و ڕەوشی کۆمەڵگەی سریانی بۆناوچە جیا جیاکان ئەنجامی داوە لەوانەش سەردانیکردنی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەو خودی خەلیفە لە بەغدا و سامەڕا و مصر وەك لە پێشوتردا باسمانکرد.

تەلمحری کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (تاریخ الأزمان)، بە زمانی سریانی تۆماریکردووە،10 ئەم پەرتوکە مێژووی نێوان ساڵانی (586 تا 775ز) تێدا باسکراوە، بە هێرشی موسڵمانان بۆ سەر هەرێمی جەزیرەو ناوچەکانی تر دەستپێدەکات، دواتر ڕەوشی نالەباری سیاسی و ئاینی و ئابوری ناوچەکە دەخاتەڕوو، نوسەر زیاتر

لەسەر ڕوداوگەلێك كە پەیوەستن بە ڕەوشی سریانەكان لەوێ هەڵوەستە دەكات و لە بارەیانەوە دەدوێت.

تلمحری لە نوسینی پەرتوكی (تاریخ الأزمان) كەڵكی لە نوسراو تۆمارەكانی ناو كڵێسا و شوێنە پیرۆزەكانی تر وەرگرتووە، بە تایبەتی لە هێنانەوەی بەڵگەی ئاینی (تەورات)ی زۆربەكارهێناوە (دیونسیوس التلمحري، 2008: 54،49،39،36...)، هەروەها پێدەچێت ئەو سەرچاوە مێژووییانەی بەر لەخۆی لەوانەش نوسراوەكانی (یۆحەننای ڕەصاف) هاوسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی بەكارهێنابێت، كە دوو بۆ سێ نەوە پێش ئەو ژیاون (خلف،2016: 15-16)

2- ئیلیا برشینایا:

ئەم مێژوونوسە بە ئیلیا نوسەیبینیش[11] دەناسرێت،لە (975ز / 364ك ) لە دایك بووە، (أبونا،1996: 382)، ناوبراو لەسەر مەزهەبی نەستوری[12] بووە (بیغولیفسكایا، 2017: 177)،سەرەتا لە دیری مار شمعون لەسەر ڕوباری دیجلە خوێندویەتی و لە (994ز / 383ك) بووە بە كاهین دواتر بە سەرۆكی كاهینانی ئەودێرە دەست نیشان كراوە (أبونا،2002: 2/ 225؛ دوفال،1992: 422)، بەڵام خۆی لە یەكێك لە نامەكانی ئاماژە بەوە دەكات،كە قۆناغی تەواو پێگەشتن و فێربونی لە دێری میخائیل لە نزیك موصڵ بووە(أبونا، 1996: 382)، لە لای ڕاهیبێك بە ناوی یوحەنای شەل خوێندنی تەواو كردووە، لە ساڵی (1007ز/ 397ك) مەتڕانی[13] شاری نوسەیبین مرد، ساڵی (1008ز / 398ك) ایلیا بە مەتڕانی نوسەیبین دانرا و نازناوی نوسەیبینی وەرگرت (أبونا،2002: 2/ 225).

لە ماوەی ژیانی لە ململانێ دابوو لەگەڵ بەتریاریك ئیشوعیابی چوارەمی كوڕی حزقیال (1020-1025ز/ 410-415ك)، نامەی لە دژی نوسیوەو بە فەرمی پۆستەكەی نەناسیاندووە دژی دانانی بووە وەك بەتریاك و لە كۆبونەوەكان بەشداری نەكردووە، بەڵام دواتر ئاشت بونەتەوە، دوای مردنی ئیشوعاب، ساڵی (1028ز) ئیلیای یەكەم تیرهانی وەك بەتریارك دانرا، بەڵام لەگەڵ ئەویش نێوانی ناخۆش بوو، دواتر بە هەوڵی كەسانی دلسۆز ئاشتەوایی كەوتە نێوانیان (أبونا،1996: 382 ؛ أبونا، 2002: 2/ 225).

یەكێك لە ڕوداوە گرنگەكانی ژیانی، ئاشنا بوونی بوو بە وەزیری میرنشینی مەڕوانی ئەبوقاسم مەغریبی[14] لەساڵانی (1026-1027ز/417-418 ك)، گەنگەشەیەكی دورو درێژیان لەسەر بابەتی بیرو باوەڕی ئاینی لایەنی زانستی كرد (بریشینایا،2011: 28)، خاوەنی نوسراوو تۆماری جیاوازە و كەسێكی بەتوانا بووە، بە باشترین نوسەری كڵێسای ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت لە ماوەی نیوەی یەكەمی سەدەی یازدەهەم (الصوباوي، 1986: 227)

تۆمارەكانی تەنیا بەزمانی سریانی نەنوسیوە بەڵكو بەعەرەبیش تۆماری كردووە بەهۆی ئەوەی كەسێكی شارەزابووە لە زمانی عەرەبی (بیغولیفسكایا، 2017: 178)، لە چەندین بواردا نوسینی هەبووە: یاساكانی كڵێساو زمانەوانی ، ئەدەب و مێژوو هەیە (دوفال،1992: 423)، گرینگترین بەرهەمی بریتیە لە مێژووەكەی و ئەو دانیشتنەكانی لەگەڵ وەزیر ئەبو لقاسم مەغریبی (الصوباوي، 1986: 227). هەروەها كۆمەڵێك وتار و هۆنراوەی ئاینی و نامەی نوسراوی بە زمانی عەرەبی و سریانی هەیە بۆ براكەی و كەسانی تری ناردووە (أبونا، 1996: 383).ئیلیا لە ساڵی (1046ز/437ك) كۆچی دواییكرد، لە شاری میافارقین لە تەنیشت براكەی ئەبوسعید نێژرا (أبونا،2007: 2/ 225).

وەك ئاماژەمان پێدا دیارترین تۆمارەكانی هەریەك لە كتێبە مێژوویەكەی و دیدارو گفتوگۆكانیەتی لەگەڵ ئەبوقاسم مەغریبی، پێدەچێت مێژووەكەی دوای بونی بە مەتڕانی نوسەیبین نوسیبێت (أبونا،1996: 385)، ئەم كتێبە لە لایەن یوسف حبی یەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی (1975) لە چاپدراوە، كتێبەكە دووبەرگ لەخۆ دەگرێت، یەكەمیان لیستی ناوی خەلكانی سەرەتا و پاشا و پیاوانی ئاینییە، هەروەها مێژووی گشتی لە ( 337 یۆنانی [15] /26ز تا 1329 یۆنانی/ 1018ز) باسكردووە.

بەرگی دووەمی كتێبەكەی بریتیە لە بەراوردكردنی ساڵی قبتی و سریان و عەرەب و فارسەكان، كە تێیا بەراوردی نێوان ساڵی هەتاوی و مانگی بە گوێرەی جەژنەكان كردووە، بە خوێندنەوەی كتێبكە دەردەكەوێت ئەو مێژووە بەدەرنیە لە دابڕانی مێژوویی و بەشێك لەتۆمارەكەی وونە (ایلیا برشینایا،1975: 78،62، 171 )، لەگەڵ ئەوەشدا تاكە مێژوونوسی سریانییە كەمتركەوتۆتە ژێر كاریگەری هەست و سۆزی ئاینییەوە، بەڵكو زۆر بەوردی دور لە هەڵچون مێژووی نوسیوەتەوە، ئەگەرچی خۆی كەسێكی نەستوریە بەڵام مێژووی یەعقوبیەكانی[16] نوسیوە و باسی كردوون، ئەو جیاوازی مەزهەبیە كاری لێنەكردووە (الكعبي، 2009: 23).

لە نوسینی مێژووەكەی كەڵكی لە كۆمەڵێك سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە، كە خۆی ئاماژەی پێكردوون لەوانەش لیستی پاشایان و لیستی پیاوانی ئاینی ، مێژووی محمد كوڕی موسای خوارزمی (مر 232ك/ 847ز)، دانیال ناوێك كە لە سەدەی هەشتەمی زاینی ژیاوە ، حەمەدی كوڕی یەحیای صولی(مر 335ك/ 946ز)، هەروەها بەتریارك دیونیسیوس تلمحری (مر 845ز/ 231ك)، بەیسون لە سەدەی هەشتەمی زاینی، حنانشوع برسرو (مر 900ز/ 286ك)، محمد كوڕی جریر ئەبی جعفر تەبەری (مر 310ك/ 923ز)، عەبدولای كوڕی ئەحمەد لە سەدەی دەیەم، ئیلیا ئەسقوفی[17] ئەنبار لە سەدەی دەیەمی زاینی، ثابت كوڕی سنان (مر 265ك/ 976ز) (برشینایا، 1975: 11-12)،هەروەها مێژووی جبرایل كوڕی بختیشوع (مر1006ز / 396ك) بە یەكێكی تر لەسەرچاوەكانی مێژووی ئیلیا دادەنرێت (روزنثال، 1983: 113)، ئەمەش مانای وایە ناوبراو بە یەك سەرچاوەو بە یەك ڕوانگە نەوەستاوە هەوڵیداوە لەزۆرترین سەرچاوەو مێژوونوسان زانیاری وەربگرێ.

زانایانی ئاینی ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە چارەسەركردنی كێشەكان لەو پێناوەش سەردانی دەسەڵاتدارانیان كردووە وەك لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆكرد، بەهۆی ئەوەی ئیلیا خاوەن پێگەیەكی گەورەی ئاینی بوو، بە تایبەتیش دوای دانانی وەك مەتڕانی شاری نوسەیبین، لە سۆنگەی هەستكردن بە بەر پرسیاریەتی، لەماوەی ساڵانی (417-418ك/ 1026-1027ز) گفتوگۆیەكی دورودرێژی لەگەڵ ئەبی قاسم مەغریبی وەزیری میرنشینی مەڕوانی ئەنجامداوە، لەسەر بیروباوەڕی مەسیحیەت و بابەتی یەكتا پەرستی و لایەنی كۆمەڵایەتی و زانستی و بەوردی و بەپێ ی بیروباوەڕی ئاینی خۆی وەڵامی پرسیارەكانی ئەم وەزیرە موسڵمانەی داوەتەوە، ئەم دانیشتنانەی ئیلیا برشینایا لەگەڵ ئەم وەزیرە یەكێكی ترە لە تۆمارە گرنگەكانی ناوی (مجالس)ه.[18]

3- مارمیخائیلی سریانی[19]:

ناوی ئیشوع كوڕی ئیلیای ئال قنداسیە، بە مارمیخائیلی سریانی گەورە ناسراوە، ساڵی (1126ز/ 520ك) لە مەلاتیە[20] لە خێزانێكی ئایندار لە دایك بووە، لە دێری ماربرصوم[21] زانستی زمانەوانی ئەدەب و ئاینی خوێندووە تا تەمەنی سی ساڵی، دواتربووە بە سەرۆكی دێری ماربرصوم، كەسێكی خۆشەویست بووە لای ڕاهیبەكانی ناو دێرەكە دواتر پلەی ئاینی بۆ پەتریاركی[22] یەعقوبی بەرزبوەتەوە، ماوەی سی و سێ ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە تا لە ساڵی (1199ز/ 596ك) كۆچی دواییكرد (سلیفاني، 2012: 17-19؛ هوزایا، 2014: 90).

مارمیخائیل بە یەکێك لە مێژوونوسە سریانیە دیارەکانی سەدەی (6ك/12ز) دادەنرێت، ژمارەیەکی زۆر نوسراوی جۆراو جۆری هەیە، کە زیاتر لە (23) تۆمارن بەڵام بەشی زۆریان لە بارەی کاروباری کڵێساو بابەتی بیرو باوەری مەسیحیەتن[23]. بەناوبانگترینیان تۆمارە مێژوویەکەیەتی بە ناونیشانی (مێژووی مارمیخایلی گەورە)[24]، پەرتوکەکە مێژووی لە سەرەتای ژیانی مرۆڤ تۆمار کردووە، بە ساڵی (593ك /1195ز) کۆتایی دێت (ابونا،1996: 438)، تەواوی ئەو مێژووەی لە سێ بەرگدا نوسیوە، کە بیست ویەك وتار لە خۆ دەگرێت، بەسەر چەند بەشێك دابەشی کردوون، زۆربەی بەشەکان لە سێ تەوەرە پێك دێن، یەکەم لەبارەی مێژووی کڵێسایە، دووەم باسی ڕوداوی دونیایی دەکات، سێیەم هەواڵی جۆراو جۆری تێدا باسکراوە (دوفال،1992: 220).

میخائیلی سریانی لە نوسینی کتێبەکەی، کەڵکی لە نوسراو و تۆماری جیاواز وەرگرتووە (WHEALEY,2008: 579-580)، خۆی پێگەیەکی بەرزی ئاینی هەبووە، بەو هۆیەوە توانیویەتی دەستی بە تۆمارو نوسراوی دێر و کڵێساکان بگات، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە نوسراو و تۆماری ناو دێرو کڵێساکانی بەکارهێناوە، لەوانەش دەست بەکاربونی بەرپرسانی نوێ لە شوێنە ئاینیەکان، دەقی دانانی ئەو پیاوە ئاینیانەی لە کتێبەکەی بەر چاودەکەوێت (1996: 3/ 131-229،132-230).

مارمیخائیلی سریانی لە پاڵ بەکارهێنانی دەستنوس و تۆماری شوێنە پیرۆزەکان، کەڵکی لە کۆمەڵێك کتێبی مێژوویی وەرگرتووە، خۆشی ئاماژەی بەوەکردووە، (1996: 3/ 79)، تەنانەت ناوی ئەو سەرچاوانەی هێناوە کە زانیاری مێژوویی لێ گواستوونەتەوە، لەوانەش مێژووەکەی دیونیسیۆس تلمحری،کە بە تەواوی بەکارهێناوە، بە ئاشکراش ئاماژەی بۆ کردووە (1996: 3/ 78)، هەروەها کۆمەڵێك سەرچاوەی مێژووی تری سریانییەکانی بەکارهێناوە(1996: 3/ 26 ؛ خلف ، 2016: 15)،جگە لەوان کتێبی دیرۆك نوسانی ئەرمەنی سەرچاوەی زانیاری بەپێزبوون بۆ مارمیخائیل، کەڵکی لێوەرگرتون خۆشی ئاماژەی پێداوە کە دەڵێت " ئەو هەواڵانەمان لە کتێبێکی ئەرمەنی بینی" (1996: 3/ 369).

پێدەچێت ناوبراو سەرچاوەی مێژوونوسانی موسڵمانانیشی بەکارهێنابێ، چونکە لە مێژووەکەی چەندین جار ساڵی کۆچی بەکارهێناوە (1996: 3/ 127، 184)، بەتایبەت کە موسڵمانان ساڵی کۆچی لە تۆماری مێژوو بەکاردەهێنن(الدوری، 2000: 18).

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نوسینەوەی مێژوو لای سریانییەکان، تۆمارکردنی ڕوداوەکان بوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتا ئەوان بەشێکی زۆریان ڕەنگدانەوەی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان بوون، بینەری زۆرێك لە ڕوداوانە بوونە کە تۆماریان کردووە، هەربۆیە ڕەوشی باو زیاتر لە تۆمارەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، بەهۆی ئەوەی شایەتحاڵی ڕووداوەکانی بوونە، جا لەبەر ئەوەی مارمیخایلی سریانی خاوەن پێگەیەکی بەرزی ئاینی بووە، ئاگاداری بارودۆخی خراپی ناوخۆی کڵێسا و ململانێ پیاوانی ئاینی بوو، وەك دەڵێ " ئەگەر ئەوڕوداوانەم تۆمارنەکردبوایە لە بەرژەوەندی خۆم بوو، خوانەکا، خۆم دانی پێدادەنێم هەڵەکانم هۆکاربوون بۆ ئەوەی ماوەی (13) ساڵ بکەومە بەر توڕەیی ... " (1996: 3/ 351)، هەروەها بەشداربووە لە دانانی پیاوانی ئاینی لە پلەو پۆستە جیاوازەکان (1996: 3/ 338).

ئەو ماوەی ئەو ژیانی تێدا کردووە، کۆمەڵێك ڕوداوی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە ڕوویانداوە، واتا گۆڕانکاری هاتۆتە ئاراوە، لەوانەش دەرکەوتنی سەلاحەدینی ئەیوبی (مر 589ك/ 1193ز) دەستگرتنی بەسەر ناوچەیەکی فراوان و شاڵاوی خاچییەکان بۆ ناوچەکە و هەروەها بوونی چەندین دەسەڵاتی جیاجیا لە هەرێمەکان و کاریگەریان لەسەر ڕەوشی مەسیحییەکان (1996: 3/ 358). هەمووئەمانەپاڵنەری گرنگ بوون بۆ ئەو مێژوو نوسە تا بەدوای ڕووداوەکاندابێت و هەوڵبدات زۆر لە وردەکارییەکان یاداشت بکات.

4- ڕەهاوی نادیار:

ڕەهاوی نادیار، یەکێکە لەو مێژوونوسانەی کەمترین زانیاری لەبارەی ژیانی لە بەردەستە (Telue,2012:4/307). ئەمەش چونکە ناوەکەی نادیارە (ابونا،2007: 3/ 66)، بەهۆی نەمان و لەناوچوونی پەڕی یەکەمی نوسراوەکە (ابونا،1996: 440). هەڵبەت لەلایەن هیچ کام لەمێژوونووسانی هاوسەردەمی خۆی ئاماژەی پێنەدراوە (Brock,1997:74). ئەم مێژوونوسەی شاری ڕوها[25] بەپێ ی ئاماژەکانی نێو کتێبەکەی خۆی بێت، لەماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەم (ساکا،2007: 3/ 224) تا نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەم ژیاوە ( Brock,1980 17:)، لەچوارچێوەی ئەو مێژووەیدا دەردەکەوێت، کە ڕاهیبێك بووبێت لە دێری ماربەرسوم (برصوم،1976: 403)، ئەمەش بە ڕونی لە نوسینەکانی بە دیاردەکەوێت کاتێك دەڵێت:" ئەوەم بەدەستی خۆم لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1506 [592ك/1195ز] لە دێری ماربەرسوم نوسی" (1986: 2/ 371)، یەکێك لە توێژەرە سریانییەکان ساڵی (1160ز/ 555ك) بە ساڵی لە دایکبونی ڕەهاوی لە شاری ڕوها [1] داناوە (برصوم، 1976: 403).

پێدەچێت ئەم مێژوونوسە پلەو پایەی ئاینی بەرزی نەبوبێت، بەڵکو تۆمارەکەی زیاتر وێنای ئەوە دەبەخشێت ناوبراو لە خزمەت گەورە پیاوانی ئاینی بوبێت و گەشتی لەگەڵ کردون، گومانی تێدانیە ئەوەش هاوکاری باشی کردووە لە دەست گەیشتن بە تۆماری ناو دێر و کڵێساکان (الرهاوي المجهول، 1986: 2/ 359)، مێژوونوسانی سریانی لەگەڵ ئەوەی ئاشنابوون بە شارستانی یۆنانی و نوسینەکانیان، لە هەمان کاتدا زمانی عەرەبیان بە باشی زانیوە (Weltecke,2000: 57)، ئەوەش بەهۆی ئەوەی بەشێك بوون لە دانیشتوانی هەرێمی جەزیرە لە پاڵ پێکهاتەکانی تر، ئاماژە مێژووییەکانی ڕەهاوی دەرخەری ئەوەن ناوبراو زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە و کەسێکی ڕۆشنبیربووە، ئەوتا باس لە شاعیری ناودار موتەنەبی دەکات و دەڵێ لەو سەردەمەدا پیاوێك بە ناوی موتەنەبی[26] بە شیعر ناوبانگی دەرکردبوو، دیوانێکی شعری بە زمانی عەرەبی هەبوو " (الرهاوي المجهول،1986: 2/ 57).

توێژەران لە بارەی ساڵی مردنی ڕەهاوی نادیار کۆك نین، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خاڵی کۆتایی ئەو مێژووەی ناوبراو تۆماری کردووە لە بەردەستدانیە، واتە ونە یاخود فەوتاوە (الرهاوي المجهول،1986: 2/ 271)، لەبەرئەوە هەندێك لە توێژەران بڕوایان وایە نوسینی مێژووەکەی تەواو کردوە، واتە ساڵی(632ك/1234ز) مردووە (Moosa,2003: 53). هەندێکیتر دەڵێن لە دوای ساڵی (632ك/1234ز) مردوە (برصوم،1976: 403) بیروڕای دیکەش هەیە، کە وای بۆ دەچن ئەم مێژوونوسە لە ساڵی (638ك/1240ز) مردبێت (Weltecke,2010: 101).

بە وردبونەوە لە مێژووەکەی پێدەچێت تا دوای ساڵی (635ك/1237ز) لە ژیاندابووبێت، بە بەڵگەی ئەوەی ناوبراو بەجۆرێك ئاماژەی بە نووسینی مێژووەکەی کردوە، دوای مەلیك ئەشرەف[27]بەردەوام بووبێت لە نوسینی مێژووەکەی، دەڵێت:" مەلیك ئەشرەف شایەنی ئەوەیە بە باشە باسی بکرێ" (الرهاوي المجهول،1986: 2/260)، بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەستەواژەیە لە لایەن ڕەهاوی نادیارەوە بەڵگەیە،

کە ئەو مێژوونوسە لە دوای مردنی مەلیك ئەشرەف لە ساڵی (635ك/1237ز)، بەردەوام ڕوداوە مێژووییەکانی تۆمارکردوە.

لەبارەی تۆمارە مێژووییەکەی، وەك دەردەکەوێت، هیچ ناونیشانێکی نییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لاپەڕەکانی سەرەتای تۆمارەکە بەردەست نین یاخود ونن ( Weltecke,2010:102 )، بۆیە مێژووەکە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بە (تاريخ الرهاوي المجهول) ناونراوە توێژەران بۆیان داناوە (الرهاوي المجهول ،1986: 2/ 8)،ئەو ناولێنانە لە خۆڕا نەبوو چونکە زۆر بەوردی و بەباشی باسی ڕوداوەکانی شاری ڕوهای کردووە، تەنانەت بە باشترین سەرچاوە بۆ مێژووی شارەکە دادەنرێت (Weltecke,2000:56) .

پەرتوکەکە دووبەرگە، بەسەر دووبەش دابەشیکردووە، لە ژێرناونیشانی (مێژووی دونیایی) لەم بەشەدا، لە سەرەتای دروستبونەوە، تا ساڵی (632ك/1234ز) باس دەکات، بەشەکەی تر بە ناونیشانی (مێژووی کڵێسا)کە لە سەردەمی قوستەنتینی گەورە، تا ساڵی (604ك/1207ز) باسکراوە (ابونا، 1996: 440)، کە توێژەر کار لەسەر بەرگی دووەمی کتێبەکە دەکات.28

ڕەهاوی نادیار لە نوسینی مێژووەکەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتی بە سەرچاوە مێژووییەکانی پێش خۆی بەستووە لەوانەش دیۆنیسیۆس تەلمەحری، چونکە خۆی ئاماژە بە بەکارهێنانی کتێبەکەی دەکات و ناوی دەهێنێت (الرهاوي المجهول،1986 :2/31-34)، یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی ڕەهاوی کەڵکی لێوەرگرتوە، باسلیۆس کوڕی شومنەیە29، بەڵام تۆمارو نوسراوەکانی بەردەست نین و دیار نەماون (قزانجي،2010: 156)، ڕەهاوی لە چەند شوێنێك ئاماژە بە بەکارهێنانی مێژووەکەی کردووە (1986 :2/ 157-158؛ برصوم، 1976: 381). هەروەها پێدەچێت مێژووی میخایلی سریانی یەکێکی تر بێت لە سەرچاوەکانی مێژووی ڕەهاوی نادیار (Brock,1980:18).

ئەگەرچی سەرچاوە سریانییەکان بەشێکی زۆر لە مێژووی ڕەهاوی نادیار پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا ناوبراو تۆماری مێژوویی موسڵمانانی بەکارهێناوە، بە بەڵگەی ئەوەی ساڵی کۆچی لە تۆمارەکەی بەرچاو دەکەوێت (الرهاوي المجهول،1986: 2/36،29،28،25).

جگە لە سەرچاوەی تۆمارکراو، خۆشی هاوسەردەمی کۆمەڵێك ڕووداو بووە، بینەری بەشێك لەو ڕەوشە سیاسیی ئاینیە بووە کە لە هەرێمی جەزیرەدا گوزەراوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تۆماریکردوون (الرهاوي المجهول،1986: 2/199 ، 267).

تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندییەکانی نوسینەوەی مێژوو لای مێژوونوسانی سریانی:

نوسینی مێژوو لەگەڵ دامەزرانی سیستەمی سیاسیی و کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە، تەواوی ئەو جۆرە دەمەزراوە سیاسیی کۆمەڵایەتیانەش دەرهاویشتەی ئاینن، چونکە بونی خودا ڕۆڵی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا گێڕاوە (لوبون، 2006: 156).هەریەك لە ئاینەکانی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام ڕەگی مێژووییان هەیە، واتە خودی ئاینەکان سەرچاوەی دروست بونی هزری مێژووبوون، بە جۆرێك لای سریانییەکان ژیان و کارو کردەوەکانی مەسیح و ئەو ستەمەی لێیان دەکرا تۆماریان دەکرد (کۆثراني، 2013: 47، زريك، 1985: 18)، بۆ موسڵمانانیش بە هەمان شێوە چونکە قورئانی پیرۆز پڕیەتی لە ڕوداو و بەسەرهاتی گەلانی پێشوو، لەلایەکی تر مێژوونوسین بریتی بوو لە باسکردنی کەسایەتی و کاریزمای پێغەمبەر و تۆمارکردنی شەرەکانی (هرنشو، 1944: 35؛ أمين، 2011: 637)، ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت ئەو جۆرە تۆمارانە لەسەرەتادا بە ئامانجی زانستی مێژوو نەبوو، بەڵکو سەربوردەی مەسیح و ناهەمواری ڕەوشی مەسیحییەکان لە سەرەتادا، لای موسڵمانانیش بە هەمان واتادێت (روبنسون، 2014: 107).

هەروەها زمان ئامرازێکی گرنگە لە پەیوەندی گەلان، ڕۆڵێکی مەزن لە دروست کردنی کولتووری کۆمەڵگەی مرۆیی دەبینێت، هۆکارێکی کاریگەرە لە گەیاندنی زانیارییەکان بەدروستی و بەسانایی (عبده، 2002: 41)، ڕۆشنبیری سریانی لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست گەشەی کرد بەهۆی نیشتەجێبوونیان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت کە لە ڕوی شوێنی جوگرافیاوە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی فارسی و بیزەنتی هەڵکەوتبوون (بیغولیفسکایا، 2017: 45)، واتە مەسیحییەکان بەشێکی گەورەیان لە دانیشتوانی هەرێمی جەزیرە پێکدەهێنا، بۆیە ئەوان لەسەردەمانی پێشتر زانیاری مێژووییان هەبوو لە ڕێگەی نوسراوەکانی جولەکە بە تایبەتی وەرگێڕانی تەورات بۆ سەرزمانی هەرێمە جیاوازەکان (روزنثال،1983: 38 ؛ روبنسون،2014: 65؛ بارنز ،1914: 1/ 42)، شوێنی نیشتەجێبونی سریانەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڵاوبونەوە و بەفەرمی بونی زمانی سریانی هەبوو، بە جۆرێك وەك زمانی نێودەوڵەتی لێهات لە پەیوەندییەکانی نێوان ساسانی و بیزەنتیەکاندا بە کاردەهات، لە گەڵ تەواوی کاروبارە بازرگانیەکان لە ناوچەکە، هەڵبەت زمان و ئەدەب و نوسین ناتوانرێ بڵاو بکرێتەوە ئەگەر دامەزراوەوسیستەمی نەبێت، لەو بوارە سریانەکان چوست و چالاك بون (بیغولیفسکایا، 2017: 47).

بە دامەزراندنی کۆمەڵێك قوتابخانە لە نسێبین و ڕوها لە هەرێمی جەزیرە و جندیشابور و دێری قنسرین ڕۆڵێکی باڵایان بینی لە گەشەسەندن و بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیریی سریانی لە ناوچەکە، سریانییەکان کەوتبونە ژێرکاریگەری کولتووری یۆنانی و ئاشنابوون بە پەرتوك و زانستە جیاوازەکانیان، چونکە ڕۆشنبیری یۆنانی لەگەڵ گرتنی ڕۆژهەڵات لە لایەن ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی (312 پ.ز)، لە ناوچەکە ڕەگی داکوتابوو، جۆرێك لە تێکەڵاوی شارستانی لە ناوچەکە هاتە ئاراوە، ئەو تێکهەڵکێشانە بۆ زمان و نوسین شۆڕبوەوە تەنانەت بەشێك لە سریانییەکان بون بە مامۆستا لە بواری زانست و زمانی یۆنانی(مارمیخائیل السرياني،1996: 156/3)، ئەوەش ڕێگە خۆشکەربوو بۆ گواستنەوەی ڕۆشنبیریی یۆنانی بۆ سەرزمانی سریانی (الجمل،2005: 3 ؛ شبدر ،1949: 130-131)، ئەوان لە تۆمارەکانیان ساڵی یۆنانیان بەکاردەهێنا، تەنانەت چەمك و زاراوەی یۆنانیش لە نێو تۆماری مێژووی سریانییەکان بەرچاودەکەوێت (الرهاوي المجهول،1986: 2/ 91).

یەکەم نوسراوی سریانی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (243ز) لە ئەنجامی پشکنین وگەڕان لە ناوچەی شوێنەواری دورایوروبوس، لە سوریا (بیغولیفسکایا، 2017: 49)، ئەدەبی سریانی لە سەدەی شەشەم گەیشتە لوتکە (حبي، 2014: 22)، بەو پێیەی یەکەم تۆماری مێژووییان لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیە ڕوداوەکانی نێوان ساڵانی (495-506ز) لە سوریاو وڵاتی نێوان دووڕوبار ڕوپانداوە بۆ بە جێهێشتوین، ئەو ڕوداوە مێژووییە کە خۆی لە شەری نێوان ئەنستاسیۆسی یەکەم (430- 518ز) ئیمپراتۆری ڕۆمانی و قوبادی یەکەم (488-531ز) شای ساسانی، تەواوترین وردترین بەڵگەی مێژووییە (دوڤال، 1992: 201).

ئاین ڕۆڵی گەورەی لە سەرهەڵدانی تۆماری مێژوویی لای سریانییەکان هەبوو، بۆیە پیاوانی ئاینی سەرمەشقی نوسینەوەی مێژوون لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاست، مەڵبەندە ئاینییەکانی سریانی وەك خوێندنگا وابوون چونکە بەشێکی زۆر لە کڵێساکان کتێبخانەیان تێدابوو (برصوم،1996: 22-26؛یزبك، 1990: 7)، کۆنترین مێژووی کڵێسای سریانی بەدەستمان گەیشتووە، تۆماری یوحنا ئەفسس (مر587ز) لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەم دایناوە (برصوم،1996 :127؛ دوڤال، 1992: 205)،

بەشێکی کتێبەکەی بۆ ڕەوشی ئاینی و کاروباری کڵێسا تەرخانکردبوو (الاسیوی، 2000: 31).

ئەم شێوازی نوسینە لە سەردەمانی دواتر لە تۆماری مێژوونوسانی سریانی ڕەنگی دایەوە، بۆیە پەرتوکەکانیان دوو بەشی لەخۆ دەگرت، مێژووی دونیای و مێژووی کڵێسا (الرهاوي المجهول، 1986: 2/ 13،274)، بە هۆی ئەوەی پیاوانی ئاینی بەشی زۆری مێژوونوسانی سریاینان پێکدەهێنا، بۆیە تەواوی تۆمارە مێژووییەکانیان بە ڕووداوە ئایینیەکانەوە ڕەنگڕێژ کرابوو، (دوڤال،1992: 229)، تەنانەت جۆرێك لە تێکەڵی لە مێژووی دونیایی و کاروباری ئاینیش لە نوسینەکانیان دەردەکەوێت (دینیسیوس التلمحري،2014: 85 ؛ فییە،1979: 40).

تۆماری سریانییەکان گرنگی و بایەخی خۆیان لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هەبوو، بەڵام بە پلە یەك بۆ بارودۆخی ئایینی مەسیحییەکان بوو لە ناوچەکە (الفتاح،2010: 53)، بەشێکی زۆر پەرتوکە مێژووییەکانیان تایبەت بوو بە چینی پیاوانی ئاینی لە ژیاننامەو سەربوردەیان لە ڕایکردنی کاروباری شوێنی پیرۆزی مەسیحییەکان (المرج،1990: 21)، لەگەڵ ئەوەی مێژوونوسانی سریانی ڕوداوو بەسەرهاتە مێژوییەکانیان بەرچاوخستووە، بەڵام ئەوان نەشیان خۆیان لە هەست و سۆزی ئایینی بەدووربگرن، بۆیە زۆرجار بەشێکی دیاریکراویان لە پەرتوکەکانیان تایبەتکردووە بە پیاوانی ئایینی (ایلیابرشینایا،1975: 63-78)، ئەگەر باسیان لە ژیاننامەی گەورە پیاوانی ئاینیش نەکردبێ ئەوا هەندێ کجار لە کۆتایی پەرتوکە مێژووییەکانیان بە لیستێك ئاماژەیان بە ناوەکانیان کردووە(مارمیخائیل السرياني، 1996: 3/ 410- 479).

دوای هێرشی موسڵمانان بۆ سەرهەرێمی جەزیرەو دەستگرتنیان بەسەر بەشی زۆری شارو هەرێمەکانی، سریانییەکان هەنگاویان نا بۆ تۆمارکردنی ئەوڕوداوانەی لە ناوچەکە ڕویانداوە، لەم ڕووەوە تۆمارەکانیان پڕبایەخن بۆ توێژەران بەتایبەتی لە بارەی فەتحکردنی ئەوناوچانە لە سەدەی حەوتەمی زاینی (خلف، 2016: 11)، هاتنی موسڵمانان بۆ دەڤەرەکە و نیشتەجێبونیان جۆرێك لە تێکەڵاوی لە نێوان دانیشتوانی ڕەسەن و هاتوەکان هاتە ئاراوە، گەلان لە ژینگەیەکدا کاریگەریان بەسەریەکەوە دەبێت (جب، 1979: 88)، ئەم ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی هەرێمەکە کارێکی وایکردبوو بەشێکی زۆر لە سریانییەکان بە تایبەتی پیاوانی ئایینی فێری زمانی عەرەبی بن و لە نوسین و تۆمارەکانیان بەکاری بهێنن (جب، 1981: 88).

بەکارهێنانی زمانی عەرەبی تەنیا بۆ نوسین نەبوو، بەڵکو لە زۆرکاتدا بۆ بەرگریکردن بوو لە خودی سریانەکان و بیروباوەڕیان لە سایەی خەلافەتی ئیسلامیدا، ئەوەتا دیونیسیوس تلمحری لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ساڵی (823ز/207ك) کاتێك کێشە دەکەوێتە نێوان پیاوانی ئاینی بە تایبەتی ئەبیرام کە هەوڵی بە دەستهێنانی فەرمانی دەست بەکاربوونی وەك بەتریاك دەدا بەڵام تلمحری بە هۆی زمان پاراوی لە زمانی عەرەبی تەواوی بەسەرهاتی ئەبیرامی هەڵگەڕاوەی بۆ عەبدوڵای کوڕی تاهیر گێڕاوە وەك دەڵێ " دوای گێڕانەوەی تەواوی چیرۆکەکە بەزمانی عەرەبی، خودا کردی ڕێزی زۆری گرتم....." (دیونیسیوس التلمحري، 2014: 41-42).

بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەلایەن پیاوانی ئایینی یاخود مێژوونوسانیان مانای پشتگوێخستنی زمانی سریانی نەبوو بەڵکو زۆرجار بەسریانی دەیان نوسی بۆ ئەوەی نهێنی نێوانیان پارێزراوبێت مەترسی نەکەوێتە سەرژیانیان (بوسنایا، 1983: 78)، چونکە بەشی زۆری خەڵك و بەتایبەتی دەسەلاتدارانی ناوچەکە شارەزای نوسینی سریانی نەبوون، لە ڕوی بەکارهێنانی ڕێنوسەوە، مێژوونوسانیان کە بەشی زۆریان لە

گەورە پیاوانی ئایینی بوون، بە خەتی ئیسترەنگیلی دەیان نوسی، ئەوشێوە نوسینە لە تۆماری مێژووی و پەیوەندییەکان بەکاردەهات (بیغولیفسکایا، 2017: 49).

ئەو ڕێبازەی مێژوونوسەکان لە تۆمارکردنی مێژوودا گرتوویانەتە بەر، ڕەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاریی مێژوویی نوسەرەکان بووە، هاوکات ئەو ژینگەی مێژوونوسەکانی تێدا لە دایك بوەوە و پێگەیشتووە، تەواوی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی لەم ناوچەیە ڕوویداوە، کاریگەری لە سەر ئاڕاستە و شێوازی نوسینی مێژوونوسەکە دادەنێن (الشريف،2013: 72) و پێگەی کۆمەڵایەتیی نوسەر بە یەکێك لە کاریگەرترین هۆکار دادەنرێت و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەدەست کەوتنی جۆری کتێب و بەڵگەنامەکان دەکات، کە نوسەر لە تۆمارە مێژووییەکەی سودیان لێدەبینێت، ڕێبازی مێژوونوسەکە دەکەوێتە ژێرکاریگەریی ئەو سەرچاوانەی کە دەستی کەوتوە و بەکاری هێناون (جب،1979: 158-159)

ڕێبازی نوسینی مێژوویی لای سریانییەکان،وەك لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆکرد ئەوان پەرتوکەکانیان لە دووبەش پێکدەهات ئەوانیش مێژووی دونیای و ئاینییە یاخود کەنەسی (دوڤال، 1992: 226)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گەورە پیاوانی کڵێسا بەشی زۆری مێژوونوسانی سریانیان پێکدەهێنا، تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان ساڵ بە ساڵ واتە ڕێبازی ساڵانە لای سریانییەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، لە پێشەنگترین نوسینیان بەگوێرەی ڕێبازی ساڵانە مێژوونوسی شاری ڕوهایە لە سەدەی شەشەمی زایینی ڕوداوەکانی بە گوێرەی ساڵ تۆمارکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێبازە بە شێوەیەکی گشتی لای سریانییەکان بە وردی و ساڵ بە ساڵ پەیڕەو نەکراوە بەڵکو بە شێوەیەکی ڕوکەشی لەسەر بابەتەکان دواون (ایلیا برشینایا، 1975: 165، 169، 185، 187)، مارمیخایلی سریانی لە کتێبەکەی جۆرێك لە ڕێبازی ساڵانەی بەکارهێناوە(1996: 3/204-212) بەڵام ئەویش بەدەرنیە لە پاش و پێشکردنی ساڵەکان (1996: 3/84-115)،کە ئەمەش دەرچوونە لە ڕێبازی ساڵانە کە تەواو پەیوەستە بە پەیڕەوکردنی خستنەڕووی ڕوداوەکان ساڵ لە دوای ساڵ.

تەلمەحری مێژوونوس لە گێڕانەوەی مێژووەکەی نەك پەیڕەوی ساڵی نەکردووە بەڵکو ساڵی ڕوداوەکانی پاش و پێشخستوە (دیونیسیوس التلمحري، 2014: 37،35،31 ،41)، ئەوەی ڕەهاوی نادیار لە نوسینی مێژووەکەی لەوانی تر جیادەکاتەوە پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی تەواو جیاوازە، ناوبراو بۆهەر ڕوداوێك ژمارەی داناوە بەشێوەیەك بە بەندی ژمارە 30525 کۆتای بەبەشی دونیای هێناوە (الرهاوي المجهول،1986: 2/ 270) ئەمەش لە شێوازی نوسینی هیچ کام لە مێژوونوسانی ئیسلامی و سریانی ناچێت (سليفاني، 2012: 24)، ڕەهاوی نادیار بە شێوەی زنجیرەی ساڵ واتە بە دوای یەك باسی بەشێك لە ڕوداوە مێژووییەکانی کردووە (1986: 2/230-233).

ئەگەرچی مێژوونوسانی سریانی تەواو پەیڕەوی ڕێبازی ساڵانەیان نەکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی توخمەکانی ڕێبازی ساڵانە لە تۆماری مێژووی سریانییەکان بەدی دەکرێت، وە لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازە ڕوداوە سروشتییەکان لە بومەلەرزەو ساردی و سوتان تۆمارکراون (روزنثال ،1983: 109)،باسکردنی ئەم ڕووداوانەش لە لای زۆربەی مێژوونوسان بەرچاودەکەوێ (دیونیسیوس التلمحري،2014: 110،108؛ مارمیخائیل السرياني،1996: 3/ 174،169؛ الرهاوي المجهول، 1986: 2/ 141،99،55)، هەروەها سەرچاوە سریانییەکان کورتە ڕستەی (لە هەمان ساڵ یان لەو ساڵەدا) یان زۆر بەکارهێناوە (دیونیسیوس التلمحري،2014: 95، 108،107؛ مارمیخائیل السرياني ،1996: 3/240، 270، 277؛ الرهاوي المجول،1986: 2/

25، 26)، ئەو کورتە ڕستانە یەکێکن لە هێماکانی ڕێبازی ساڵانە (ترحيني،د.ت: 133). ئاماژەیەکیشن بۆ ئەوەی ڕێبازەکە بە تەواوی لە نێو نوسینەوەی مێژوو لای سریانییەکاندا چەسپی بوو.

ئەنجام

1- مێژوونوسین وەك بەشێکی گرنگ لە کولتوری سریانی هەژماردەکرێت، بە شێوەیەك ڕەگ و ڕیشەی قوڵی لای ئەوانە هەیە، مێژوونوسانی سریانی لە ڕێگای تۆمارە مێژووییەکان هەوڵی پاراستنی شوناسی کۆمەڵگای خۆیان داوە.

2.- زانایانی ئاینی مەسیحی بەشێکی زۆری مێژوونوسانی سریانیان پێکدەهێنا، واتە ئەوان ڕێبەری ڕەوتی نوسینەوەی مێژووبوون، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پیاوی ئاینی بێجگە لە ڕاپیکردنی کارو سروتە ئاینییەکان، ئەرکی سەرپەرشتی تەواوی کۆمەڵگای سریانیان لە ئەستۆ گرتبوو.

3.- مێژوونوسین لای سریانییەکان، تەنیا بابەتی شەروجەنگ و ڕێکەوتنامەکان لە خۆناگرێت، بەڵکو تەواوی ئەوگۆڕانکاری و ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی کڵێسا و دێرەکان لە قۆناغە جیاوازەکان دەبووەوە دەگرێتەوە، بۆیە تەواوی تۆمارە مێژووییەکانیان بەرگێکی ئاینی دەپۆشن.

4.- بەشێکی زۆر لەو ڕوداوانەی لە تۆماری مێژوونوسانی سریانی بەرچاودەکەوێت، زیاتر پەیوەستن بە کۆمەڵگای سریانی، واتا ئەوان لەسەر ئەو بابەتانە دەدوان کە باسی لە ڕەوشی ناڵەباری سریانییەکان دەکرد.

5.- یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی مێژوونوسانی سریانی لەوانی تر جیادەکاتەوە، ئەوان بینەری بەشێکی زۆر لەو ڕوداوانەبوون کە خۆیان لە پەرتوکەکانیان ئاماژەیان پێداوە، واتا ڕاستەوخۆ ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە.

6.- بەشێکی زۆر لە تۆمارەکانیان بریتییە لە ئەزموونی کەسێتی خۆیان چونکە خاوەن پێگەی ئاینی بوون بەردەوام دیدارو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەسەڵاتداری ناوچەکان هەبووە، بۆ ئەمە ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دواون بەهۆی ئەوەی مێژوونوسانی سریانی زمانی عەرەبیان بە باشی زانیووە، بۆیە لە پاڵ ئەوش کەڵکیان لە تۆمارەمێژووییەکانی موسڵمانان وەرگرتووە، بێجگە لەسەرچاوەی یۆنانی.

لیستی سەرچاوەکان


یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر)

1. الأسيوى،يوحنا. (2000م)،تاريخ الكنيسة، مصر:مجلس الاعلى للثقافة، ترجمة: صلاح عبدالعزيز محجوب.

2. برشينايا، أيليا.(1975م)، تاريخ أيليا برشينايا، بغداد: مجمع للغة السريانية، ترجمة:يوسف حبي.

3. ...............(2011م)، مجالس مارأيليا برشينايا، دمشق: تموز.

4. البغدادي، صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق. (1992م)، مراصد الإطلاع على أسماء الأمكنة و البقاع، بيروت: دار الجيل، تحقيق: علي محمد البجاوي.

5. بوسنايا،يوسف. (1984م)، تاريخ يوسف بوسنايا، بغداد: الوطنية.

6. ديونيسيوس التلمحري. (2008م)، تاريخ الأزمان، القاهرة: المركز القومى للترجمة، ترجمة: شادية توفيق حافظ.

7.................(20014م)، رحلات البطريرك ديونيسيوس التلمحري، ابوظبي:دارالسويدي، تحقيق: تيسير خلف.

8. الحميري، أبو عبدالله محمد بن عبدالمنعم. (1984م)، الروض المعطار في خبر الأقطار، بيروت: مكتبة لبنان، تحقيق: إحسان عباس.

9. ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل النصيبي. (1938م)، صورة الأرض، ليدن: مطبعة بريل.

10. ابن خرداذبة، أبو القاسم عبيدالله بن عبدالله الخراساني. (1889م)، المسالك والممالك، ليدن: مطبعة بريل.

11. ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد. (1978م)، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، بيروت: دار صادر، تحقيق: أحسان عباس.

12. الذهبي، شمس الدين محمد بن عثمان. (1996م)، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، بيروت: دار الكتاب العربى، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري.

13. الرهاوي المجهول.(1986م)، تاريخ الرهاوي المجهول،بغداد: شفيق، ترجمة:البيرأبونا.

14. سبط ابن الجوزي، شمس الدين يوسف قزاغلو. (1952م)، مرأة الزمان في تاريخ الاعيان، حيدر اباد: مطبعة دائرة المعارف العثمانية.

15. أبو شامة، شهاب الدين عبدالرحمن المقدسى. (1997م)، كتاب الروضتين في اخبار الدولتين النورية و الصلاحية، بيروت: مؤسسة الرسالة، تحقيق: ابراهيم الزيبق.

16. الصوباوي، عبديشوع.(1986م)، الفهرست المؤلفين، بغداد: الهيئة السريانية، ترجمة: يوسف حبى.

17. أبوالفداء، اسماعيل بن علي بن منصور. (1830م)، تقويم البلدان، باريس: دار الطباعة السلطانية، تحقيق: رينود وماك كوكين ديسلان.

18. المرج،توما. (1990م)،الرؤساء، بغداد: ديانا، ترجمة: البير ابونا.

19. مارميخائيل السرياني، ايشوع بن ايليا أل قنداسي. (1996م)، تاريخ مارميخائيل السرياني، حلب: دارماردين، ترجمة: غريغوريوس صليبا شمعون.

20. ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي. (1977م)، معجم البلدان، بيروت: دارصادر.

دووەم: ژێدەرە عەرەبییەکان (المراجع)

21. أبونا، ألبير. (1996م)، أدب اللغة الارامية، بيروت: دار المشرق.

22. ........... (2007م)، تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية، بيروت: دار المشرق.

23. أمين، أحمد. (2012م)، ضحى الاسلام، القاهرة: مؤسسة هنداوي.

24. بارنز،هاري الملر. (1914م)، تاريخ الكتابة التاريخية، مصر:هيئة الثقافية، ترجمة: محمد عبدالرحمن برج.

25. البرقوقي، عبدالرحمن. (1986م)، شرح ديوان المتنبي، بيروت: دار الكتاب العربى.

26. برصوم، أفرام. (1976م)، اللؤلؤ المنثور في تاريخ العلوم والادب السريانية، بغداد: مطبعة الشعب.

27. بيغوليفسكايا، ن.ف. (2017م)، التراث السرياني فى القرون الوسطى، سورية: دار الفرقد، ترجمة: حسان مخائيل اسحق.

28. ترحيني، محمد أحمد. (د.ت)، المؤرخون والتاريخ عند العرب، بيروت: دار الكتب العلمية.

29. جب، هاملتون. (1979م)، دراسات في حضارة الاسلام، بيروت: دار العلم للملايين، ترجمة: احسان عباس والاخرون.

30. ..............(1981م)،علم التاريخ، بيروت: دار الكتاب البناني، ترجمة: ابراهيم خورشيد والاخرون.

31. الجمل، احمد محمد على. (2005م)، اثر جهود السريان على الحضارة العربية الاسلامية، القاهرة: الأزهر.

31. حبى،يوسف. (2014م)، الفلسفة السريانية، نينوى: مطبعة نصيبين الشرقية.

32.خلف، تيسير. (2016م)، الرواية السريانية للفتوحات الاسلامية، لبنان: دارالتكوين.
33. دوفال، روبنس. (1992م)، تاريخ الادب السرياني، بغداد: منشورات مطرانيه السريان الكاثوليك، ترجمة: لويس قصاب.
34. رايت، وليم. (2011م)، الوجيز في تاريخ الادب السرياني، دهوك: مطبعة هاوار، ترجمة: يوسف متى اسحق.
35. روبنسون، جيسي. (2014م)، البلاط والمجتمع الإسلامي وعلم التاريخ، بيروت: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، ترجمة: عبدالجبار ناجي.
36. رستم، سعد. (2005م)، الفرق و المذاهب الإسلامية ، دمشق: الأوائل للنشر و التوزيع.
37. روزنثال، فرانز. (1983م)، علم التاريخ عند المسلمين، بيروت: مؤسسة الرسالة، ترجمة: صالح أحمد العلى.
38. زريك، قسطنتين. (1985م)، نحن والتاريخ مطالب وتساولات في صناعة التاريخ وصنع التاريخ، بيروت: دارالعلم الملاين.
39. زيات، حبيب. (1999م)، الديارات النصرانية في الإسلام، بيروت: دار المشرق.
40. ساندرس، الاب دجى،س،جي(2007م)، المسيحيون الاشوريون،الكلدان في تركيا الشرقية وايران والعراق، بيروت: دارالكتب.
41. ساكا، اسحق. (2007م)، السريان ايمان وحضارة، اربيل: د.ن.
42. سليفاني، مهدي صالح. (2012م)، الايوبيون في كتابات المؤرخين السريان، اربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر.
43.شبدر،هانزهيندس، (1949م)،روح الحضارة العربية، بيروت: دارالعلم الملاين، ترجمة: عبدالرحمن البدوي.
44. الشريف، محمد بن موسى. (2013م)، إعداد المؤرخ الثقة، مصر: دار التوزيع والنشر.
45. ابو شريغ، صاهرذيب. (2004م)، موسوعة الاديان والمعتقدات، عمان: دارالصفاء.
46.عباس،احسان.(1984م)، الوزير المغربي، عمان: دار الشروق.
47. عبدة، سمير. (2002م)، السريانية – العربية الجذور والامتداد، سوريه: دار علاء الدين.
48. عمران، محمود سعيد. (2000م)، معالم تاريخ الامبراطورية البيزنطية، اسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
49. قزانجي، فؤاد يوسف. (2010م)، أصول الثقافة السريانية في بلاد مابين النهرين، عمان: دار دجلة.
50. قنواتي،جورج شحاته.(د.ت)، المسيحية الحضارة العربية، بيروت: مؤسسة العربية للدراسا و النشر.
51. الكعبي، عبدالحكيم.(2009م)، الجزيرة الفراتية و ديارها العربية،السورية: صفحات.
52. كوثراني،وجيه.(2013م)، تاريخ التاريخ اتجاهات-مدارس-مناهج، بيروت: المركز العربى الابحاث ودراسة السياسات.
53. لوبون،جوستاف.(2006م)، سر تطورالامم، قاهرة:المجلس الاعلى لثقافة، ترجمة: احمدفتحيزغلول باشا.
54. مراد،كامل و محمد حمدى البكري و زاكية محمد رشدي. (1987م)، تاريخ الأدب السرياني من نشأته الى العصر الحاضر، القاهرة: دار الثقافة للنشر.
55. مرسي، الشيخ، محمد محمد. (1994م)، تاريخ الامبراطورية البيزنطية، الاسكندرية: دارالمعرفه الجامعية.
56. متي، عمر.(2012م)، من المجدل الاستبصار والجدل، لبنان: النكتبة بابيلون.
57. مؤنس، حسين. (1987م)، اطلس تاريخ الإسلام، القاهرة: الزهراء اللإعلام العربي.
58. هوزايا، جاندارك.(2014م)، بيبلوغرفيا الكتب السريانية، اربيل:الثقافة.
59. هرنشو.(1944م)، علم التاريخ، لبنان: سلسلة المعارف العامة، ترجمة: عبدالحميد العبادي.
60. يزبك، قاسم. (1990م)، التاريخ و منهج البحث التاريخي، بيروت: دار الفكر لبناني.
61. اليسوعي، صبحي حموي. (1998م)، معجم الايمان المسيحي، بيروت: دار المشرق.

سێیەم: گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبیەکان

62. ال فتاح، شكيب راشد. (2010م)، صورة نورالدين محمود في كتاب تاريخ الرهاوي المجهول، العدد(4)، موصل: العلم والتربية.
63. فييه،ج.م. (1979م)، دراسات في تاريخ الفكر العربى الاسلامي، العدد(54)، بيروت:دارالطليعة.

چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان

64. Brock, Sebastian. (1997), A Br ef Outline of Syriac Literature, Indai: Baker Hill , Kottayam.
65. Burkitt, F. Grawford. (1904), Early Eastern Christianity, New York: Dutton Company.
66. Band, Dritter. (1954), Semitistik, Leiden: Brill.
67. . Moose, Matti. (2003), Asketch of Syriac Sources, in Semaan, Khalil: The Crusades Other Experiences, New York.
68. Macevitt, Christopher. (2004), The Medieval Crusade, London: The Boydell Press, edited: susan j. Ridyard.
69. Teule, Herman. (2012), Chronicon AD Annum 1234 Pertines, in Thomas D. and Malletta: Christian- Muslim Relations, leiden: Brill.
70. . Weltecke, Dorthea. (2000), Contacts Between Syriac Orthodox and Latin Military Orders, in the Krijnie Ciggaar: East and West in the crusaders states, leuven: peters.
71. ......................... (2010), Patriarch Michael, The anonymous Chroniclr AD 1234, and Bar Ebroyo, in the Teule, Herman: The syriac renaissance, leuven: peters.
72. WHEALEY,Alice,(2008) The Testimonium Flavianum in syriacand Arabic,uk: Cambridge.

الملخص

تتناول هذه الدراسة بعض المؤرخين السريان ومراحل حياتهم وما مروا بها. يلقي البحث الضوء على موقف الكهنة السريان الذين هم حجر الزاوية و طليعة كتابة التاريخ السريان. على وجه التحديد ، في منطقة الجزيرة كمركز مهم في أذهان المؤرخين السريان. تمت كتابة التاريخ في السجلات السريانية وفقًا لعقول ووجهات نظر كبار الكهنة المسيحيين ، ولهذا السبب تميز كتبهم الانطباع الديني.

تتضمن معظم كتبهم من جزأين: تاريخ العالم وتاريخ الكنائس أو التاريخ الديني. وفقًا لذلك ، مع أحداث التاريخ ، وجميع الأحداث المختلفة للكنائس في السجل ، يمكن ملاحظة المؤرخين السريان. على وجه الخصوص ، كانت هناك صراعات حول الأماكن الدينية. في السجلات السريانية، اختلط التاريخ أيضًا بالمسألة الدينية. وذلك لأن وجهات نظر المؤرخين السريان كانت دينية بدلاً من أن تكون خالصاً للتاريخ. بالإضافة إلى ذلك ، فإن كتابة التاريخ هي في الغالب لمقاومة الآلام والمعاناة التي واجهتها الكيانات السريانية في مناطق مختلفة.

Abstract

This study is concerned with some of the Syriac historians, the phases of their life and what they have gone through. It sheds light on the position of Syriac priests who are the corner stones and leaders of writing Syriac history. Specifically, in Jazeera region as an important center in Syriac historians' mind. The history in the Syriac's records has been written according to the top Christian priests' minds and perspectives, that is why their books characterize religious impression.

Most of their books include two parts: the worlds' history and the churches' or religious history. Accordingly, with the events of history, the entire different events of churches in the record, Syriac historians can be noticed. Especially, there have been conflicts on the religious places. In Syriac records, the history has also been mixed with the religious matter. That is because the Syriac historians' perspectives were religious instead of being historian dedication. In addition, writing history is mostly for resisting against the pains and sufferings that Syriac entities faced in different zones.
.

پەراوێزەکان:

1- تلمحر: شارۆچکەیەکە لەنزیك ڕەقە لە ئێستادا پێ دەڵێن تەل مناخر (برصوم،1976: 505)

2- دێری قەنسرین: دێرێکی گەورەیە دەکەوێتە ڕوژهەڵاتی ڕوباری فورات بەرامبەر بە جرباسی شام، (کم42) لە سیروج دورە، لەڕۆژگاری سەرەتای دروستکردنی (370) ڕاهیبی تێدابووە، پەیکەرێکی نوسراوی لەناودێرەکەیە (یاقوت الحموي،1998: 2/ 163-164؛ البغدادی،1954: 2/ 572).

3- شارۆچکەیەکە سەر بە شاری سمیساتە، دەکەوێتە باکوری کوردستانی ئێستا (یاقوت الحموي،1977: 4/ 497؛ مؤنس،1987: 301 ).

4- قریاقس: ڕاهیبێك بوو لە دێری عەمود نزیك ڕەقە، لەساڵی (177ك/793ز) بە پەتریاك هەڵبژێردرا، دوای (24) ساڵ خزمەتکردن، لە ساڵی (202ك/817ز) لە موسڵ کۆچی دوایی کرد (میخائیل السرياني،1996:3/410-413).

5- ڕەقە: شارێکە لە هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات (یاقوت الحموي ،1977: 3/59) دەکەوێتە باکوری سوریای ئێستا.

6- مۆریس: یەکێکە لە ئیمپراتۆرە ناودارەکانی بنەماڵەی جستنیان لە ساڵی (583ز) هاتە سەر دەسەڵات، لە ماوەی دەسەڵاتی توانی سەرکەوتنی گەورە بەسەر سەقالیبە و ئاڤارەکان لە ڕۆژهەڵات تۆماربکات، لە ساڵی (602ز) بە کودەتایەك کۆتایی بەدەسەڵاتی هات (مرسی الشیخ،1994: 66-68؛ عمران،2000: 63-64).

7- تاوفلیس: سیۆفیلۆسی یەکەم، یشی پێدەگوترێ، لەساڵی (214ك/829ز) هاتۆتە سەر دەسەڵات، یەکێکە لە ئیمپراتۆرە بەهێزەکانی بنەماڵەی عەموری، کەسێکی زیرەك و بە توانا بوو، گرینگی زۆری بە بواری ڕۆشنبیری داوە. سەرکردایەتی چەندین هەڵمەتی کردووە لە ماوەی شەڕی لەگەڵ موسڵمانان، پەیماننامەی لەگەل بابەکی خورەمی بەستووە لە دژی موسڵمانان، لە ساڵی (228ك/842ز) کۆتایی بە دەسەڵاتی هاتووە (عمران،2000: 128-129).

8- دارا: شارێکی بچوکی هەرێمی جەزیرەیە ،لە بناری چیای ماردینە،دەکەوێتە نیوان نسیبین وماردین (أبوالفداء،1830: 28).

9- ئەو مێژووەی مارمیخائیل ئاماژەی بۆ کردووە، لە لایەن (تیسر خەلەف) لە پەرتوکێکی سەربەخۆ بە ناوی (رحلات البطريرك ديونيسيوس التلمحري) ساڵی (2014) چاپکراوە.

10- ئەم کتێبە (شادية توفيق حافظ) وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی لە ساڵی (2008ز) لە چاپدراوە،

11- نسیبین: شارێکە لە هەرێمی جەزیرە، کێڵگە و داری زۆری تێدایە، ژمارەیەکی زۆر لە دێری مەسیحییەکان لەم شارەیە (ابن حوقل،1938: 1/ 211).

12- نەستوری: یەکێکە لە گروپە ئاینیەکانی مەسیحی، بە ناوی دامەزرێنەرەکەی نەستۆریۆسی بەتریکی شاری ئەنتکیە دەناسرێت، ساڵی (431ز) نەستۆریوس بڕیارەکانی کۆبونەوەی ئەفسسی ڕەتکردەوە کە تایبەت بوو بە سروشتی مەسیح، نەستۆریوس سروشتی خودای و مرۆی مەسیحی جیا دەکردەوە، دەیگوت مەریەم دایکی مەسیحە دایکە خواوەند نیە (ساندرس، 2007: 29 ؛رستم، 2005: 26-27 ؛ قنواتي،1984: 227).

13- مەتران: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە لە (Metropolitain) وەرگیراوە، پلەیەکی ئاینیە لەمەسیحیەت ئەو کەسە سەرۆکی ئەسقوفەکانی ناوچەیەکی فراوانە (متی، 2012: 70).

14- ئەبوقاسم حوسێن کوڕی عەلی کوڕی حوسێن کوڕی عەلی، بە مەغریبی ناسراوە، ئەو نازناوەش بۆ یەکێك لە باپیرەگەورەکانی دەگەڕێتەوە، ساڵی (370ك/ 981ز) لەحەلەب لەدایك بووە، بە یەکێك لە دیارترین کەسایەتیەکانی سەردەمی خۆی هەژماردەکرێت، چەندجارێك پۆستی وەزارەتیلە لایەن دەسەڵأتداران پێدراوە لە ڕوداوگۆڕانکاریەکان ڕۆڵی کارای هەبووە، ساڵی (416ك/ 1025ز) جارێکی تر لە لایەن نەسر دەولەی مەڕوانی پۆستی وەزیری پێدەدرێت، تا ساڵی (418ك/1027ز) لە ئەرکەکەی بەردەوام بووە، لەم ساڵە کۆچی دوایکردووە. (ابن خلکان، د.ت: 2/ 172-177 عباس، 1988: 7-17).

15- جیاوازی نێوان ساڵی یۆنانی و ساڵی زاینی (311) ساڵە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (جب،1981: 16-17).

16 یەعقوبی: ئەو نازناوە بۆ یەعقوبی بەرادعی دەگەڕێتەوە، لە ماوەی ساڵانی نێوان (543 بۆ 578ز) ئەسقوفی ڕوهابوو، بە دامەزرێنەری ئەو مەزهەبە دادەنرێت کە باوەڕیان بە یەك سروشتی مەسیح هەبوو (ابو شریخ، 2004: 5/ 71 ؛ قنواتي؛ 1984: 247-248).

17 ئەسقوف، لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانیە لە Episcopos وە هاتووە، بە مانای سەرۆکی کاهینان دێت (متی، 2012: 70).

18- لە لایەن (محمد کەریم ابراهیم) لە ژێر ناوی (مجالس مارأیلیا برشینایا مطران نصيبين مع الوزير ابي القاسم الحسين بن علي المغربي) لە ساڵی(2011ز) لە چاپدراوە.

19- بۆزانیاری زیاتر لە بارەی ماریخائیلی سریانی بڕوانە (سليفاني، 2012: 17-22)

20- مەلاتیە: شارێکی گەورەیە، لە هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕوباری فورات (ابن خرداذبه،1889: 97 ؛ ابن حوقل،1938: 208/1) باکوری کوردستانی ئێستا.

21 - ماربەرسوم: دێرێکە لەنزیك مەلاتیە لەسەر لوتکەی چیا شێوەی لە قەڵا دەچێت، باخچە و کێڵگەی زۆری تێدایە ئەم دێرە شوێن و پێگەی گرینگی لە کڵێسای سریانی هەیە (ياقوت الحموي، 1998: 287/1؛ زيات، 1999: 107).

22- پەتریاك: نازناوێکە لەسەدەی پێنجەمی زاینی سەریهەڵداوە، بەسەرۆکی قەشەکانی هەرچوار کورسی مەسیحیەتی ڕۆما، ئەسکەندەریە، ئەنتاکیە، قوستەنتینیە وتراوە (برصوم،1976: 498؛ اليسوعي،1998: 111).

23- بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی نوسراوەکانی میخایلی سریانی بڕوانە (كامل،1987: 347-349).

24- ئەم پەرتوکە لە لایەن (غریغۆریۆس صليبا شمعون) هوە لە سریانیەوە وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی، ساڵی (1996) بە چاپکەینراوە.

25- ڕوها: شارێکە لە هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە ڕوژهەڵاتی ڕوباری فورات، لەلایەن گریکەکانەوە دروستکراوە، لەسەردەمی کۆن پێیان دەگوت ئەدیسا، ئارامیەکان بە روها ناویان دەهێنا لە ئێستادا پێ دەڵێن ئورفە (الحميري، 1984: 273؛ burkitt,1904: 6-7).

26- موتەنەبی: ئەحمەدی کوڕی حوسێن کوڕی حەسەنە، ناسراوە بە موتەنەبی، لە ساڵی (303ك/914ز) لە ناوچەی کندە سەربە کوفە لە دایك بووە، بە یەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێت، زۆر هۆگری ڕۆشەنبیری بووە، لە ماوەی ژیانی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردوە و خەڵکێکیش شوێنی کەوتون (ابن خلكان ،1978: 123/1 ؛ الذهبي،1984: 16/ 199؛ البرقوقي، 1986: 1/ 23).

27- مەلیك ئەشرەف: موسای کوڕی مەلیك عادلە، نازناوی مەلیك ئەشرەف موزەفەرەدینە، ساڵی (576ك/1180ز) لە میسر لەدایك بووە، لەساڵی (598ك/1201ز) کراوە بە سەرداری ڕوها، کەسێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە، لە ساڵی (635ك/1237ز) کۆچی دوایی کردووە (سبط ابن الجوزي،1952: 710/8؛ ابو شامة،1997: 486/4؛ ابن خلكان، 1978: 5/ 230) .

28 - ساڵی (1986ز) لە لایەن (ئەلبیر ئەبونا)وە بۆ عەرەبی وەرگێردراوە.

29-. باسلیۆس کوڕی شومنە: لە کۆتای سەدەی (11ز) و (5ك) لە خێزانێکی خانەدان لە ڕوها لەدایك بووە، لە کڵێسا خوێندویەتی و پلەی بەرزبوەتەوە بووە بە کاهین، جە لە زمان و ڕۆشنبیری سریانی زمانی عەرەبیشی بەباشی زانیوە، دوای ئەوەبوو بە مەترانی کیسوم، بە فەرمانی جوسلینی دووەم گوازراوەتەوە بۆ ڕوها، لە ساڵی (1169ز/565ك) لەکاتی گەمارۆدانی شارەکە لەلایەن نورەدین زەنگی مردووە (Moosa,2003:49 ؛ Macevitt, 2004: 74 ؛ ابونا،1996: 423).

30- هەردوو بەندی ژمارە (526، 527) لە لایەن وەرگێڕەوە ژمارەیان بۆ دانراوە، دانانی ژمارە بۆ بەندەکان لە لایەن ڕەهاوی نادیارەوە بەدور نەبووە لە هەڵە (الرهاوي المجهول، 1986: 2/ 83-133،84-135، 263-264)